**بەیتە شیعرێ عوسمانی و سەفەوی  بەشەڕ دێنێ...**

هەڵۆ بەرزنجەیی  ١٣/١٢/٢٠٢٠



لەڕۆژی ١١/١٢/٢٠٢٠ وە شەڕێکی ساردی بە ناوەڕۆک گەرم لە نێوان تورکیا و ئێران دا  هەڵگیرساوە. پێشتریش بەشێوازی جۆراوجۆر هەبووە تا دەگەینەوە سەرەتاکانی عوسمانی و سەفەوی... ئێرە سەرچاوە و ڕەگی ناکۆکییەکانی نێوان ئەم دوو دەوڵەتەیە...

ئەوەی جێی سەرنجە لەم سووکە شەڕەی ئێستا، خوێندنەوەی بەیتە شیعرێکە لە لایەن « ئەردۆغان»  لەکاتی بەشداری ئاهەنگەکانی سەرکەوتنی ئازەربایجان بەسەر ئەرمینیادا لە شەڕەکانی ئەم دواییەی نێوانیاندا. شیعرەکە دەڵێ:

"ئاراسیان جیا کردەوە و بە زیخ و لم پڕیان کردەوە.

من لە تۆ جیا نەدەبوومەوە، بە زۆر جیایان کردینەوە.

ئەی لاچین و وەی لاچین، هەموو گیان و دڵی من لاچین."

ئەم بەیتە شیعرە بە خێرایی ئاگری بەردایە نێو هەست و سۆزی نەتەوەیی و ئێرانچێتی سەرلەبەری ئێران بەتایبەت بەرپرسە گەورەکان، لە نێوانیان دا  « محەمەد جەواد زەریفی» وەزیری دەرەوەی ئێران. زەریفی گورجوگۆڵانە لە تویتەرێکدا دەنووسێ:

« به ئەردۆغانیان نەگوتبوو ئەو شیعرەی کە لە باکۆ بە هەڵە خوێندیەوە، پەیوەندیی بە جیاکردنەوەی زۆرەملێی ناوچەکانی باکووری ئاراسەوە هەیە لە وڵاتی ئێرانی دایکیان. ئاخۆ ئەو نەیزانیوە دژ بە دەسەڵاتی نیشتمانیی ئازەربایجان قسەی کردووە؟ هیچ کەس ناتوانێت لەبارەی ئازەربایجانی خۆشەویستی ئێمەوە قسە بکات."

ئێران سەفیری تورکیا بانگ دەکات، گلەیی و گازندەیی خۆیانی پێڕادەگەیەنێ..

ڕۆژنامە ئێرانییەکان بۆ رۆژی دوایی هێرشی زۆر دەکەنە سەر ئەردۆغان .. تورکیا سەفیری ئێران بانگ دەکات و گلەیی خۆیانی بۆ بەیان دەکات.

شەڕە هێرشی ڕاگەیاندنی هەر بەردەوامە و ئێرانییەکان بەم کۆمەڵە پەیامە هەستی خۆیان سەبارەت بەو ڕووداوە دەردەبڕن:

موجتەبا زوننوری، سەرۆکی کۆمیسیۆنی ئاسایشی نیشتمانیی پەرلەمانی ئێران لە تویتێکدا داوا لە ئەردۆغان دەکات کە داوای لێبوردن لە خەڵکی ئێران بکات و دەنووسێت: "ئەگەر ئەردۆغان لە تاقیکردنەوەکانی ئەدەبیات و جوگرافیا و مێژوودا دەرچووبایە، دەیزانی ئەو شیعرە لە شینی جیابوونەوەی ئاراس لە نیشتمانی خۆیدا نووسراوە".

عەلی ئەسغەر خانی، پەرلەمانتارێکی دیکەی ئێران لەگەڵ وێنەی لەسێدارەدانی سەدام حوسێندا دەنووسێت: "بەڕێز ئەردۆغان، ئەوە چارەنووسی دوایین کەس بووە کە ویستوویەتی دەستدرێژی بکاتە سەر خاکی ئێمە."

نوێنەرانی عەلی خامنەییش کە پێشتر لە شەڕی ئازەربایجان و ئەرمینیا پشتی ئازەربایجانیان گرتبوو، دوای ماوەیەک بێدەنگیی خۆیان شکاند و داوایان لە ئەردۆغان کرد پێگەی خۆی بزانێت.

کاردانەوەکانی پەرلەمانتارانی ئێران بوونە هۆی بانگهێشتی باڵیۆزی ئەو وڵاتە لە تورکیا و کاردانەوەی لە میدیاکانی تورکیادا.

بەڕێزان... لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوین دا، هیچ دەوڵەتێک نییە، هێندەی «تورکیا و ئێران» باری ناوچەکەیان تێک دابێت و بووبێتنە مایەی

کێشه و شەڕ و ئاژاوەنانەوە و نائارامی... هەردوو دەوڵەت خەونی پڕۆژەی رادیکالی ئیسلامی و هیلالی شیعەگەرێتیان هەیە...

بەیته شیعریێ ئاوا ئاگری تێبەرداون.. له کاتێکدا هەردووک داگیرکەری کوردستان و چەند نیشتمانێکی ترن..

من ئەمه وەک نموونەیەکی ساکار بۆ سەرکرده و بنکرده، سیاسی و نا سیاسی و ڕۆشنبیر و تاریک بیر و... خوێنەوار و ڕەشۆکی کورد دێنمەوە، که بزانن ئەوان!!، له چ وێستگەیەکی بیرکردنەوە و خەیاڵ و خەون و ئاواتدان و ئێمەش خەریکی چین؟!...

گەر تاکه دێڕە شیعرێ ئەم بەزمەی لەسەر دروست بێت! دەبێت چ مانایەکی تر له پشت ئەم چیرۆکەوە هەبێت؟!...

لای ئێمەش خاک دەفرۆشرێ! ئابڕووی نەتەوەیی پێشێل دەکرێ؟! تۆپباران دەکرێین! هێرشمان دەکرێته سەر! بێتاوان له سێداره دەدرێین! له زیندان توووند دەکرێین! بێ ناسنامه و زمان و فەرهەنگ دەکرێین! به تورک و فارس و عەرەب دەکرێین! به هەزاران شێوه و شێواز له کوردبوونمان دەخەن!...

کەچی دەبینه برای ئەوان، خزمەتکاری ئەوان! سیخوڕ و خەفێ ئەوان، جاش و قروچی و فورسانی ئەوان! ئەوه بوونه حەشدی وەحشیشی هاته سەر!!!

سەرکردەکانمان قومارمان پێوه دەکەن! نیشتمان هەراج دەکەن!

له باشوور لەسایەی دەسەڵاتی کوردیدا ، هەرچی سیاسەت و ڕەفتاری نێگەتیڤه دەرهەقمان جێبەجێ دەکرێ و مەردێک! جوامێرێک! نییه ورتەیەک بکات!!!؟؟...

هەموو سەرمەستی گەمەیەکن، تۆپ و پلانی یاری و دادوەر هی ئەوانی دوژمنه، تەنیا یاریزانان و وگۆڕەپانەکه هی ئێمەیه.

ئێمەش وا تێک بەربووین، بەس گۆڵ له خۆمان دەکەین و تەنانەت شاباشی ئەوانیشمان پێ حەڵاڵ نابێت....!!!

بەڕاستی لەمە کارەساتتر نەبووە و نییە!

ئەم نەتەوەیە تا کەی بەرژەوەندییەکانی خۆی لەبەرچاو ناگرێ و ڕاستەشەقامی گەیشتن بە ئاواتەکانی دیاری ناکات!؟......

هەڵۆ بەرزنجەیی ١٣/١٢/٢٠٢٠ بەرلین